دکتور سالح ئیبراهیمی



هەر کارێکی خراپیان لە دەس هاتبوو، بە ئاشکرا نیشان درا و ئەو شتانەیش جەفەنگ و گاڵتەیان پێ دەکرد، دەوری لێدابوون ﴿۳۳﴾ پێیان دەوترێ: ئەمڕۆ لە بیرتان دەبەینەوە، هەروەکوو ئێوە دیداری ڕۆژێکی ئاواتان لە بیر خۆ بردبۆوە، و جێتان ئاگرە و هیچ یاوەرێکتان بۆ نییە ﴿۳۴﴾ ئەمە سزای ئەوەیە کە نیشانەکانی خواتان بە جەفەنگ و حەنەک و گەپ و گاڵتە دەگرت و ژیانی دنیا ئێوەی فریودا، ئەمڕۆ لە دۆژەهـ ناچنە دەرێ، عوزر و بیانوویان قەبووڵ ناکرێ ﴿۳۵﴾ جا هەر بۆ خوایە پەسن و حەمد کە ڕاهێنەری ئاسمانەکان و زەوی و هەموو جیهانیانە ﴿۳۶﴾ تەنیا گەورەیی لە ئاسمانەکان و زەوی تایبەتی ئەوە، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و لەکارزان ﴿۳۷﴾

## سوورەی ئەحقاف ۳۵ ئایەتە

**سوورەی ئەحقاف لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۳۵ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

حا، میم ﴿۱﴾ ئەم کتێبە (قورئان) لە خودای فرە بەدەسەڵاتی لەکارزانەوە هاتۆتە خوارێ ﴿۲﴾ ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بەدیماننەهێناوە، مەگەر بە ڕاست و بە هەق و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەوانەی کە خوانەناس بوون لەوەی لێی ترسێندراون ڕووسووڕێنەرن ﴿۳﴾ بڵێ: ئایا دیوتانە ئەوانەی کە بێجگە لە ئەڵڵا بانگی دەکەن بە منی نیشان بدەن چییان ئافراندووە لەم زەوییەدا؟ یا لە بەدیهێنانی ئاسمانەکاندا چ بەشدارییێکیان هەبووە؟ کتێبێ کە بەر لە قورئان هاتووە یا شوێنەواری زانستی و عیلمی لە کەونارا و مێژینەی کۆن، لە ڕابوردووان بۆ من بێنن، ئەگەر ڕاستبێژن (تا بەڵگەی ڕاستبێژیتان بێ) ﴿۴﴾ کێ لەوە لاڕێترە کە هاوار لە غەیری خوا دەکا، ئەو کەسەی کە تا ڕۆژی قیامەت وەڵامێکی پێ‌ناداتەوە، یا (بۆ کەس‌گەلێ کە تا ڕۆژی پەسلان پەرسقی پێ نادەنەوە) ئەوان (بتەکان) لە پاڕانەوەی ئەوان غافڵ و بێ‌ئاگان ﴿۵﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کاتێ کە خەڵک لە قیامەت کۆ دەکرێنەوە خوداکانیان دەبنە دژیان و تەنانەت عیبادەتکردنی ئەوانەش ئینکار دەکەن ﴿٦﴾ کاتێ نیشانەکانی ئێمە بە ڕوونی بەسەریاندا بخوێندرێتەوە، کافران کاتێ کە هەق (یان بۆ دێ) دەڵێن: ئەمە جادوویەکی دیارە ﴿٧﴾ یا دەڵێن: خۆی بە دەم خواوە دایناوە، بڵێ: ئەگەر من بە دەم خواوە دامنابێ خۆ ئێوە لە ڕاست خوا بۆ من هیچتان لە دەس نایێ، خوا بەو توانج و تانە و تەشەر و بەو کارانەی کە خۆ دەکێشنە نێوی ئاگادارترە، هەر ئەمە بەسە کە خوا لە نێوان من و ئێوەدا شایەد بێ هەر ئەویشە لێبوور و فرە دڵاوێن ﴿٨﴾ بڵێ: من تاقانەی پێغەمبەران نیم (تا پێغەمبەریم سەرسووڕهێنەر بێ) و نایشزانم چ بەسەر من یا بەسەر ئێوە دێ، من لە شتێ بێجگە لەوەی بۆم دێ پەیڕەوی ناکەم و من نیم مەگەر ترسێنەرێکی ئاشکرا ﴿٩﴾ بڵێ: چ دەبینن (و چۆن بیر دەکەنەوە) ئەگەر قورئان لە لایەن خواوە بێ و ئێوە حاشا و ئینکاری بکەن؟ لە حاڵێکدا یەک لە بەرەی ئیسرائیل لەسەر وێنەکەی: وێنەی قورئان (کە مەبەست تەوراتە)، بڕوا بێنێ و شایەدی بدا، ئێوە هەر خۆتان بە زل دابنێن (چ کەسێ لە ئێوە لاڕێتر دەبێ)، خوا خێڵی غەدرکاران ڕێنوێنی ناکا ﴿١٠﴾ ئەوانەی کە کافر بوون لە بارەی بڕواداراندا و تیان: ئەگەر (ئیسلام) چاک بووایە، ئەوانە لە ئێمە پێش نەدەکەوتن (ئێمە بەر لەوان بڕوامان بە قورئان و ئیسلام دێنا)، چون خۆیان بە هۆی ئەوە ڕێنوێنی نەبوون، جا لە دواییدا دەڵێن: ئەمە درۆیەکی کەونارا و لەمێژینە و فرە کۆنە ﴿١١﴾ بەر لە قورئان کتێبی مووسا پێشەوا و ڕەحمەت بوو، (ئێستا) ئەم کتێبە (قورئان) تەسدیقکەری ئەوە کە بە زمانی عەرەبییە تا ناحەقیکاران بترسێنێ و بۆ کارچاکان مزگێنی بێ ﴿١٢﴾ ئەوانە وتیان: پەروەرێنەری ئێمە ئەڵڵایە و لە پاشان هەر لەسەر قسەی خۆیان مان، جا ترسیان بۆ نییە و خەفەتباریش نابن ﴿١٣﴾ ئەوانە بە پاداشی کارێ کە ئەنجامی دەدەن بەهەشتین و بۆ هەمیشەیش لەوێدا ئەمێننەوە ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئێمە ڕامانسپاردە مرۆڤ کە لەگەڵ باوک و دایکیدا چاکە بکا، دایک (بە تۆلی و بێچوویی لە منالْدانیدا) بە سەختی ئەوی هەڵگرت (دووگیان بوو) و بە دژواریش دایناوە، دەورانی دووگیانی تا لە مەمک بڕینەوە و لە شیر گرتنەوەی سێ هەیڤی بەرد هەتا گەیشتە لاوی و گەنجی و تەمەنی گەیشتە چل ساڵی، وتی: ئەی پەروەرێنەرم! خۆت ڕامهێنە و فێرم بکە تا شوکری ئەو چاکەت بکەم کە لەگەڵ من و بە باوک و دایکمت کرد هەتا کاری چاک بکەم کە پێی ڕازی بی و زارۆکانی منیش چاک بکە، من بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوە و لە خۆبەدەسەوەدەرانم ﴿۱۵﴾ ئەوانە کەسانێکن کە کارە چاکەکانیان قەبووڵ دەکەین و لە تاوانیشیان دەبوورین، جێگایان لە نێو بەهەشتدایە، بەڵێنێکی ڕاستە کە هەمیشە پێیان ئەدرێ ﴿۱۶﴾ کەسێ کە بە باوک و دایکی خۆی وت: ئۆف بۆ ئێوە (لێتان جاڕزم خۆم لێ لادەن) ئایا بەڵێنم پێئەدەن کە لە گۆڕ دەهێندرێمە دەرەوە (و زیندوو دەکرێمەوە)، لە حاڵێکدا بەر لە من خەڵکی زۆر بوون (کە زیندوو نەبوونەتەوە)، ئەو دووانە (باب و دایک) هاوار لە خوا دەکەن تا یارمەتییان بدا (و دەڵێن: ڕۆڵە) وەی بۆ تۆ، بڕوا بێنە، بەڵێنی خوا هەقە، ڕۆڵەکەیان دەڵێ: ئەمە بێجگە لە ئەفسانەی پێشینان شتێتر نییە ﴿۱۷﴾ ئەو کەسانەیش هەر بە دەردی کۆمەڵانێک لە جنۆکە و مرۆیان چوون کە بەر لەوان فەوتان و تووشی جەزرەبەی ئێمە هاتن و زیانبار بون ﴿۱۸﴾ بۆ هەر یەکە لەوانە سەبارەت بە کارێ کە کردوویانە پلەگەلێ هەیە تا خوا جەزا و سزای کارەکانیان بە تەواوی بداتەوە، ستەمیان لێناکرێ ﴿۱۹﴾ ڕۆژی بەرەی خوانەناسان بەرانبەر ئاگر دادەنێن (پێیان دەڵێن) خۆش ژیانی دنیاتان دەرباز کرد و بە باشی کەڵکتان لێوەرگرت ئەمڕۆیش بە سووکایەتی ئازار دەدرێن، چونکە ئێوە لەسەر زەوی بە خۆڕایی و بە ناحەق خۆتان بە زل دەزانی و لە ڕێگەی ڕاستتان لادابوو و کاری خراپتان دەکرد ﴿۲۰﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بێنەوە بیر (بەسەرهاتی هوود) برای هۆزی عاد ئەوەدەمەی کە ترسی وەبەر هۆزەکەی نا لە سەرزەوی ئەحقاف (لە نێوان عمان و مهرة-دایە) ئێوە نابێ بێجگە لە خودا کەسێ‌تر بپەرستن، من دڵنیگەرانی ئێوەم کە لە ڕۆژی گەورەدا تووشی ئازار بێن، بەر لەو لە پاش ئەویش ترسێنەران هاتن و چوون ﴿۲۱﴾ ئەوان وتیان: ئایا تۆ هەر بۆیێ هاتوویە لامان تا ئێمە (بە درۆکانت) لە خواکانمان بگێڕیتەوە، جەزرەبەیێ کە بەڵێنتان پێدابووین بەسەرمان بێنە ئەگەر لە ڕاستبێژانی ﴿۲۲﴾ وتی: زانست تەنیا لای خوایە و ئەوەی پێی نێردراوم پێتان ڕادەگەیێنم، بەڵام دەبینم کە ئێوە هۆزێکی نەزانن ﴿۲۳﴾ جا کاتێ کە ئەوەیان بە وێنەی هەورێکی پەرەدار دی کە بۆ لای سەرزەوییەکەیان لە بزووتنەدایە (خۆشحاڵ بوون)، وتیان ئەمە هەورێکی بارانهێنەرە بۆ ئێمە (بەڵام هوود پیانی وت:) ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پەلەتان بوو بۆ هاتنی، هەوری با و کزەبایەکە (پڕ مەترسی) کە ئازاری بەژان و دەرداوی تێدایە ﴿۲۴﴾ هەموو شتێک بە فەرمانی پەروەرێنەری خۆی لە نێو دەبردرێ، جا بۆ بەیانیدا بێجگە لە خانووەکانیان شتی دیکە نەدەبیندرا، ئا بەمجۆرە هۆزی تاوانباران سزا ئەدەین ﴿۲۵﴾ بەوانە (هۆزی عاد) گوزەران و هێزێکمان دابوو کە بە ئێوەمان نەداوە، بۆ ئەوان گوێ و چاو و دڵمان داوە، بەڵام (لە کاتی هاتنی عەزابدا) گوێ و چاو و ئەقڵ بۆ ئەوان هیچ کەڵکی نەبووە، چونکە نیشانەکانی خوایان حاشا دەکرد و ئەوەی جەفەنگ و گاڵتەیان پێدەکرد دەوراندەوری ئەوانی داگرتبوو ﴿۲۶﴾ بە هەقیقەت ئاواییەکانی دەوروبەری ئێوەمان بە خەڵکەکەیەوە لە نێو برد و نیشانەکانمان بە شێوەیەکی جۆراوجۆریان بەیان کرد تا بەڵکوو بگەڕێنەوە ﴿۲۷﴾ جا بۆچ ئەوانەی کە بێجگە لە خوا بۆ نێزیکبوونەوە لە خوا کە کردبوویانە خودا یارمەتی نەدان، بەڵکوو گوم بوون و ئەمەیە ئاکامی درۆ و بوختانیان کە هەڵیانبەستبوون ﴿۲۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کاتێ کە تاقمێ لە جنۆکەمان ناردە لای تۆ تا قورئان ببیسن، جا کاتێ گەیشتن، وتیان: بێدەنگ بن (گوێ ڕاگرن)، جا کاتێ تەواو بوو هەروەکوو ترسێنەران گەڕانەوە بۆ لای هۆزی خۆیان ﴿٢٩﴾ وتیان: ئەی هۆزی ئێمە، گوێمان لە کتێبێ بوو کە دوای مووسا هاتۆتە خوارێ لەگەڵ کتێبە پێشووەکاندا هاودەنگە، بۆ هەق و ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی دەکا ﴿٣٠﴾ ئەی هۆزی ئێمە، وەرن بە دەنگ ئەم کەسەوە بچن کە گازی و بانگەواز بۆ خوا دەکا و بڕوای پێ بکەن لە تاوانتان خۆش دەبێ و لە ئازار دانی بەژانتان دەپارێزێ ﴿٣١﴾ هەرکەسیش بە دەنگ ئەو کەسەوە نەچێ کە بەرەو خوا بانگ دەکا لەم سەرزەوییە دەرەتانی دەس ناکەوێ، ناتوانێ، لەسەر ئەرز بێجگە لە خوا پشتیوانێکی بۆ نییە، ئەوانە لە لاڕێییەکی دیاردان ﴿٣٢﴾ ئایا ئەوانە نازانن کە ئەو خوایەی وا ئاسمانەکان و زەوی خەڵق کردووە و لە بەدیهێنانی ئەوانە بێهێز نەبووە، توانای ئەوەیشی هەیە مردووەکان زیندوو بکاتەوە، بەڵێ ئەو بەسەر هەموو کارێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٣٣﴾ ڕۆژێ ئەوانەی ئاگریان نیشان ئەدرێ (پێیان دەوترێ:) ئایا ئەمە هەق نییە؟ دەڵێن: بەڵێ بە پەروەرێنەرمان سوێند (هەقە، خوا پێیان) دەڵێ: لەبەر ئەوەی هەر حاشاتان لێدەکرد؛ ئازار بچێژن ﴿٣٤﴾ خۆ ڕابگرە هەروەکوو پێغەمبەرە لێبڕاو و نەبەزەکان لەسەر کاری خۆیان سوور بوون و تابشتیان هێنا و بۆ (عەزابی) ئەوان پەلە مەکە، ئەو ڕۆژە کە بەڵێنیان پێدراوە دەیبینن و وەک ئەوە دەروانن کە بێجگە لە ساتێ لە ڕۆژ لە ژیاندا نەبوون، ئەمە (قورئان) ڕاگەیاندنێکە، ئایا بێجگە لە هۆزی فاسقان و کارخراپان لە نێودەچن؟ ﴿٣٥﴾

## سوورەی محەمەد ٣٨ ئایەتە